# وەلاّم بە ویستی شێرکۆ بێکەس و فەوزی ئەتروشی و... مەدەنەوە!

سامان کەریم
zaryak@yahoo.com

هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستان، هەڵبژاردن نیە، گاڵتەکردنە بەمافە سیاسیەکانی خەڵکی عێراق و کوردستان. هەڵبژاردنێك کە لە1٪ی ژنان و بەگشتی 7٪ی خەڵك (بەپێی ڕۆژنامەی الصباح، کە ڕۆژنامەی حکومەتی ئینتقالیە) ئاگاداری بەرنامەی هێزە سیاسیە بەشداربووەکان بێت لەم گاڵتەجاریەدا، وە پالێوراوان(کاندید) لە ترسی تیرۆر نەتوانن تەنانەت وێنەکانی خۆشیان هەڵبواسن، ئەمە ئیتر گاڵتەجارییە. لەمبارەوە زۆرمان نوسیوەو ئەوەی ئەمەوێت لێرەدا جەختی بکەمە سەر "بزوتنەوەی ریفراندۆمە" کە لەلایەن شێرکۆ بێکەس و فەوزی ئەتروشی و دکتۆر نجمە دین و... ڕێبەرایەتی دەکرێت. ئەم کار بەدەستانەی "بزوتنەوەی ریفراندۆم" ئەرکی گەورەیان پێسپێردراوە بۆ ئەوەی ئەنجامی بدەن. ڕێبەرانی ئەم بزوتنەوەیە پاش سەردانەکانیان بۆ ئەمەریکا و جنێف، وە لەژێر فشاری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی و کەمپینی ڕیفراندۆم و نارەزایەتی خەڵکی کوردستان بەکارەکانیان، ئەوەیان ڕاگەیاند کە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی یان بۆ مانەوەیە لە چوارچێوەی عێراقدا، ئەوە ئەگەرچی خالێکی پۆزەتیفە، بەلاّم بۆ ئەم بزوتنەوەیە مەرامی سیاسی ڕۆشنی لەپشت بوو کە لەلایەن یەکێتی و پارتیەوە پێیان سپێردراوە. ئەوان بڕیاریان داوە کە لە ڕۆژی 30ی ئەم مانگەدا واتە هەمان ڕۆژی هەڵبژاردنی سەرتاسەری لە عێراقدا، ئەوانیش صندوقەکانی دەنگدان دادەنێن، بۆ ئەو پرسە، بەلاّم ناویان ناوە "صندوقی نارەسمی"و بەم کارەشیان خۆیان لەلایەن خۆیانەوە ریفراندۆم بەگۆڕ دەسپێرن و لەراستیدا گاڵتەی پێدەکەن. خەڵکی کوردستان بە گاڵتە دەنگی نەداوە بەم بزوتنەوەیە، بەگاڵتە دەنگی نەداوە بۆ ئەوەی تەنانەت تەنها ریفراندۆم بەرپابکرێت، بەڵکو دەنگی داوە کە دەنگەکەی جێگایەك بگرێت، خەڵك دەنگی داوە بە سەربەخۆیی و ئیمزای داوە بەم کەسانە بۆ ئەم خواستە، نەك بۆ ئەوەی گاڵتەیان پێ بکرێت و ناوی لێ بنرێت "نارەسمی" یەعنی هیچ، یەعنی لە ڕوانگەی یەك کەسەوە بچێت و نەچێت هیچ مانایەکی نیە، چونکە دەنگەکەی هیچ کاریگەری و جێگایەکی نیە.

*بەلاّم ڕابەرانی"بزوتنەوەی ریفراندۆم" بۆ دەنگدانی " نارەسمی" لەم ڕۆژەدا دەکات؟!

دووخاڵی سەرەکی کە ئەم بزوتنەوەیە دەیەوێت بەم کارەی ئەنجامی بدات، ئەوەیەکە یەکەم/ هێنانە مەیدانی خەڵکی کوردستانە بۆ هەڵبژاردنی عێراق و کوردستان بۆ لیستەکانی یەکێتی و پارتی بۆ ئەوەی خەڵك بەهۆی ریفراندۆمە بێت دەنگ بدات و لەولاشەوە دەنگەکانی تریشی پێ بدەن، بەتایبەت کە خەڵکی کوردستان تاقەتی دەنگدانی نەماوە بۆ هەڵبژاردن لە کوردستان و بۆ لیستی یەکێتی و پارتی، ئەمە بۆ هەموان ڕۆشنە، دووەم/ فریودانی خەڵکی کوردستانە سەبارەت بە ریفراندۆم. بە دەنگدانی نا ڕەسمی، حەڵقەیەکی سەرەکی لەکاری بزوتنەوەی ریفراندۆم تەواو دەبێت. ریفراندۆمیش وەك میکانیزمێکی گونجاو بۆ بەگەر خستنی ئیرادەی خەڵك لە بەرچاوی خەڵکی کوردستان سوك و ناشیرین دەکات، چونکە نارەسمیەو هیچ جێگاو ڕێگایەکی نیەو لە ڕوانگەی ڕەئی گشتی خەڵکیشەوە وای دێننە بەرچاو کە ریفراندۆم کراوە، ئەنجامەکەی ئەوەیە، کە ڕوویداوە یەعنی ئەنجامەکەی هیچەو کارکردن بۆی بێهودەیە.. بۆیە ئەوکارەی ئەم بزوتنەوەیە دەیکات بە دەنگدانی نارەسمی، هیچ پەیوەندیەکی بە ریفراندۆمێکەوە نیە کە خەڵکی کوردستان پێویستی پێی هەیە بۆ سەربەخۆیی، ئەوان ریفراندۆمیان بۆ ئەوە دەوێت کە ڕوویەك بهێڵنەوە بۆ یەکێتی و پارتی، بۆ ئەوەیان دەوێت، کە چەکوشێکی ئامادەبێت وئەمەریکا و هێزەکانی نێو حکومەتی ئینتقالی پێ چاوترسێن بکەن بۆ ئەوەی مامەڵەی فیدرالیەت و کەرکوکی پێوە بکەن. ڕابەرانی ئەم بزوتنەوەیەو هەموو ئەوکەسانەی کە سەرپەرشتی کاری ئەم بزوتنەوەیە دەکەن، بەم کارەیان ڕاستەوخۆ دەکەونە بەرامبەر خەڵکی کوردستان و ویستی ئەوان بۆ سەربەخۆیی.

خەڵکی کوردستان پێویستە دەنگ نەدات بە هیچ صندوق و لایەنێك لەم ڕۆژەدا. ئەم ڕۆژە ڕۆژی وردکردنی ئیرادەی خەڵکی عێراق و کوردستانە. ڕۆژی لکاندنی کوردستانە بە عێراقەوە، ڕۆژی هێنانە سەرکاری کۆنەپەرسترین هێزە سیاسیەکانە لە ناوچەکەدا. دەنگدان هێنانە سەرکاری حکومەتێکی قەومپەرست و ئیسلامی و کۆنەپەرستە. "بزوتنەوەی ریفرانۆدم"و شێرکۆ بێکەس وەك کەسایەتیەکی ناسراو دکتۆر نەجمەدین و فەزی ئەتروشی وئەوانی دیکە، بەقازانجی یەکێتی و پارتی دەیانەوێ بە دەنگی خەڵکی کوردستان خۆیان، چارەنوسیان لا تاریکترو ڕەشتر بکەن. ریفراندۆمیان لا سوك و ڕیسوا بکەن. ڕێگای دروست تەنها ڕێکخستنی

ناڕەزایەتی جەماوەریـیە بەدەوری دروشمی " ریفرانۆدم پێش هەڵبژاردن"و ناکامکردنەوەی ئەم گاڵتەجاریـیە یە کە بەناوی هەڵبژاردنەوە بەخەڵکی دەفرۆشن. "بزوتنەوەی ریفراندۆم" لەم بارەوە ڕۆڵێکی خەتەرناك دەبینێت بەدژی ویستەکانی خەڵکی کوردستان، ئیمە وە خەڵکی کوردستان لێیان خۆش نابین. تەنها ڕێگایەك لە بەردەمیاندایە ئەوەیە، واز لەم کارەیان بهێنن‌و ئەگەر دەیانەوێت ریفراندۆم بەرپابکرێت، با ڕێگای دروست هەڵبژێرن‌و گاڵتە بەدەنگی خەڵك نەکەن..